**بەریز کارمەندانی کوردستان نیت**

**دوای سلاو**

**ئەم ووتارە بۆ بلاو کردنەوە لە سایتەکەتاندا دەنیرم. . . . بۆ ئاگاداریتان ئەم ووتارە لەسالی ٢٠٠٠ دا لە دواین ژمارەی گۆڤاوی نڤاردا بلاو کراوەتەوە، بەداخەوە بەوهۆیەوە کە ئەم ووتارەو دوو ووتاری تری هەمان ژمارە ئیسلامییەکانی نیگەرانکرد و فشاریان تائەو ئاستە رۆی کە گۆڤارەکە دا بخەن و ئەمەش بووە مایەی ئەوەی زۆر کەس لە خوینەران نەتوانن ئەم ووتارە بخویننەوە. . . بۆیە لیرەدا بە پیەیستم زانی جاریکی تر بۆ ئیوەی ئازایز بەری بکەم تا بلاو ببیتەوە. .**

**بەسوپاسەوە**

**خەسرەو سایە**

**٢٠٠٢/٢/١٣**

# ئەفسانەی " ئیسلامی سەرەتایی "

## جیگای ژنان لەدەقە قوورئانییەکانی "ئیسلامی محمدی" دا

**خەسرەووسایە**

دەرکەوتنی گرایشی ئیسلام فمینیست لە بزوتنەوەی ژنان و ریکخراوەکانی ژنان، لەوولاتانی عربی دا دەلالەتی خوی هەیە. لەوانەئەکری نوعی کومەلگای موجود و نیزامە سیاسی وکومەلایەتییەکەی، ئاستی پیشکەوتن و بژیوی ئابووری و فەرهەنگ، هەلومەرجی سیاسی و کومەلایەتی و سەنگ و سوکی نیوان هیزەکان وئەحزابی سیاسی و دەولەت و. . هەریەکەلەمانە، بەتنها و پیکەوە وەك فاکتوریکی دیاریکراو لەم پەیوەندەدا دەست نیشان بکری. بەلام وەختیك سەرنج دەچیتە سەر بناغەکانی بیرکردنەوە بەگشتی و ئەو فورمولە سیاسیانەی کە بزوتنەوەی ژنان لەم بارەوە بەکاری دینن، بەئاشکرا ئەو بوچونە دەبینین کە دەلیت : دەبی جیاوازی بکری لەنیوان ئیسلامیك دا کەبەدەست رەوت و ئەحزابی ئیسلامی یەوەیە، لەگەل ئیسلامی سەرەتایدا، ئیسلامیك کەلەلایەن محمد کوری عبدالله وە زیاتر لەهەزارسال لەمەوبەر لەنیوە دورگەی عربی دا، پەیرەوی لیکراوە. –١

پیناسەکردنی پەیوەندی نیوان ئیسلام و بزوتنەوەی ژنان لە روانگەی بوچونیکی لەم بابەتەوە ئەگەرچی نیشانەی پەیرەوکردنەلە سیاسیەتیکی خوپاریزی لە بەرانبەر توندوتیژی وکوشتاریك کە رەوتە جوراوجورەکانی ئیسلامی لەدژی ژنان و داخوازی بزوتنەوەکەیان بەریانخستووە، لەهەمانکاتدا بنیادی بیرکردنەوەیەك دەخاتەروو کەلەدوانەتیجەدا دەیەویت سازانیك لەنیوان ئیسلام چ وەك نیزامیکی سیاسی و چ وەك شەریعەت وقانونی دەولەت و چ وەك سونەت وباوەری داسەپاوبەسەرخەلکدا، پیك بینی و بانگەوازی ژنان بکات کە دەست لەمافەئینسانییەکانی خویان هەرچونیك بووە، تائیندەیەکی تر بکیشننەوە، بەخاتری ئەوەی نەکا خەلك و ئەحزابەسیاسییەکان بەرویاندا بیرەنگینەوە. ئەمە لەکاتیکدایە کەبزوتنەوەی ژنان و مەسەلەکانی ژن لەو کومەلگایانەدا کە ئیسلام باوە تیایاندا ناتوانی بەخەسلەتی دژی ئیسلامی خویەوە نەیەتەمەیدانی بەدەستهینانی داخوازییەکانیانەوە. بەم پییەش ئیسلام فمنیزم وهەرجورە چوکدادانیك لەبەرانبەر ئیسلام خویدا بەمانای پیکهینانی خوشخەیالی و ریگاکردنەوەیە بو بەرگرتن لە چونەپیشەوەی بزوتنەوەی ژنان لەئامانجەکانی .

بەلام ئەم مەسەلەیە لیرەدا بەوەندە تەواونابی و کاری بنەرەتی تر بو دەرکیشانی ریشەی کاریگەرییەکانی ئەم بوچون و هەلویستگرتنانە، پیویستی ئەوەدینیتەکایەوە کە لەخودی بنیادەکانی بوچون و روانگەی ئیسلامی سەبارەت بەمەسەلەی ژنان بکولینەوە و لەویدا راستی یەکان و جەوهەری هەلویستەکانی خودی ئیسلام لەسەرژن لەزمانی قورئان و ووتەکانی محمد خویەوە، وەك ئەوەی کەهەیە دەرخەین. بوئەمەش هەولدەدەین کە لەخستنەسەرپشتی دوودەروازەوە بوئەم باسەبچین.

دەروازەی تەکەم:

## ژن و کومەلگا، گویزانەوە لە "کومەلگای جاهیلی"یەتەوە بو ئیسلام:

بەشیوەیەکی گشتی لایەنگری لەئیسلامی سەرەتایی دوو تەبریری هەیە: یەکەمیان ئەوەی کە ئیسلامی ئەمرو ئاکامی کودەتای پیاوانە لەمیژوودا بەدژی ژنان تاپیکهینانی بالادەستی نیر لەنیو کومەلگادا، هەربەم پییەش داواکاری نوسینەوەی قورئان لەلایەن ژنانەوە وەك هەلگەرانەوەیەك لەپیاوسالاری و کودەتایەك کەپیاوان لە دەقە قورایانییەکاندا کردوویانە دەکاتە بروایەکی چەسپاو، وبەم شیوەیەش پروسەی دارشتنی دەقە قورئانییەکان دەباتە نیوان دوجەمسەری رەگەزی "نیر– می" وە. دووەمیشیان ئەوەی کەگوایە ئیسلام خوی شورشیك بووە لەپیناو رزگارکردنی کویلەیەتی ژنان لە"کومەلگای جاهیلی"، وسەرەنجام پیکهینانی دابرانیکی تەواوە کەلەئاکامدا نیزامیکی کومەلایەتی نوی بەقازانجی ژنان هیناوەتەکایەوە. . .

سەبارەت بەتبریری یەکەم، -٣ ئەوە بوچونیکی نازانستیانەیەو زورتر ئاکامی هەلبەزینەوەیەکی رەگەزییە لەبەرانبەر راستییەکدا کە خاسیەتی هەمووئایینەکان بەگشتی وئیسلامە بەتایبەتی، چونکە نوسینەوەی دەقە ئاینییەکان هیچکات لەکیشمەکیش وپەیوەندیکی مونیستی ودوجەمسەری بیولوژیکیئنیوان نیرو–میدانەبووە. کومەلگای دەق خوی کومەلگایەکی پیاوسالارانەو پاشماوەکانی بەتریارکییە، ئەوشتەشی کە "نیرایەتی" و "می یایەتی" دەکاتە خەسلەتی زال بەسەر کەسایەتیئینسانی ژن و پیاودا وبەمە پیناسەی دەکاتەوە حالەتیکی کومەلایەتییە کەلەپەیوەند بەمافەکان و حقوقەوە دیاری دەکری، حالەتیك کەژیردەستەیی و بالادەستی ژن وپیا ودەکاتە پیداویستییەکی کومەلایەتی لەدابەشبوونی سامان و مولکیەتی فردو جیابوونەوەی چین و مەرتەبە کومەلایەتییەکان، لەپەیوەندییە ئابووری وسیاسیەکاندا. دەقی قورئانیش کەبەزمانی پیاوانەوقسەدەکات راستەوخو بوئاراستەکردنی ئەم دابەشبوون و جیاوازیانەیە. بەوتەی مارکس، "زنجی، زنجییە، بەلام ئەوشتەی کەئینسانی رەش پیست دەکاتە کویلە، خودی پیکهاتوە بایولوژییەکانی ئینسانی رەش نییە، بەلکو حالەتیکی دیاریکراویکومەلایەتییە".

سەبارەت بەتبریری دووەمیش پرسیار ئەوەیە، ئایا ئیسلام لەروانگەی مەسەلەکانی ژنەوەشورشیکی تەواوە بەسەر "جاهیلیییەت "دا ؟ ئایاژنان بەهاتنی ئیسلام چ شتیکیان لەدەستداو چ دەستکەوتیکیان بووە؟ پیناسەکردنەوەی ماف بوژنان لەئیسلام دا ولەپەیوەند بەپیاوانەوە چونەو کومەلگای ئیسلامی چ جیگاوریگایەك بوژنان قایلە؟ . لەوەلامی ئەم پرسیارانەدا، وادەخوازری کە لەپیشدا سەرنج بەرینەسەرخودی "کومەلگای جاهیلی":

## دیوی پشتەوەی ئیسلام، "جاهیلیەت"، بەمانای یەك کومەلگا:

دەستەواژەی " جاهیلی " -٣ سەنتەری بیرکردنەوەیە لە ئیسلامدا. ئیسلامی سەرەتایی کەخوی بەپیناسەیەکی هەویەتییەوە لەبەرانبەر جاهیلی یەتدا دەناسینی، دەرکیکی ئەخلاقی وعیرفانی لەسەرکومەلگای پیشخوی دارشتووە، تائەوەی بوچونیکی فورمیلاسیونی لەکومەلگا و جیگاوریگای ئینسانەکان لەویدا بدات بەدەستەوە. لەم بارەوە ئەکری بلیین ئیسلام خوی چەند بەرابەر لەچاو "کومەلگای جاهیلەت "دا جاهیلترو کەم زاناترە، چونکە ابستمولوژیای ئیسلامی لەبناغەوە لەسەرباوەری ئەفسانەیی وریوایەتیکی ئیعجازی و منتقی شکلی لە ناسینەوەی کومەلگای پیشخویدا، دامەزراوە. دەرکی ئەوەی کە شیوازەکانی بەرهەمهینانی کومەلایەتی و حالەتیکی ئابووری سیاسی کومەلایەتی دیاری کراو سەرەنجام پەیوەندییە کومەلایەتی و مەعریفەتییە کانی نیوان ئینسان چ لەپیکهاتوەکانیخویداو چ لەگەل دەوروبوریدا پیناسەدەکات، بەتەواوی

دەرکیکی نامویە لەئیسلامدا، ئەوەلەکاتیکدایە کە گویزانەوە لە قوناغیکی کومەلایەتییەوە بو قوناغیکیتر بەناچارماکەکان و پیداویستییەکانی رابردوو دەچیتە داهاتووەوە. کەوایە بوئەوەی بزانین جیگاوریگای ژن لە کومەلگای پیش ئیسلامدا چون بووەپیویستە روانگەیەکی گشتی لەسەر شیوەی ژیانی کومەلایەتی ئەوکات بدەین بەدەستەوە.

کومەلگای پیش ئیسلام وەك هەرکومەلگایەکی تر شیوازیکی بەرهەمهینانی کومەلایەتی دیاریکراوی بووە، دەقە قورائانییەکان، ریوایەتەکانی محمد ویارانی، باشترین بەلگەو دەلالەتەکانی سیستەمی کومەلایەتی نیوەدوورگەی عەرەبی پیش ئیسلام دەخەنەروو. ناوەراستی سەدەی شەشەم تا سەدەی حەوتەمی زاینی نیوە دوورگەی عەرەبی کومەلگایەك بووە کەلەسەردەستی ئەرستوکراسی مەکی ودەسەلاتی گەورەی تیرەی قورەیش دا تەرکیبیك لە شیوازی بەرهەمداری و بازرگانی ریکخستبوو، لەغیابی مولکیەتی تایبەتی زەوی و سەرچاوەکانی ئاودا، بوماوەکانی سیتەمی ئاودیری وکشتوکالی نیومیرگ، و بازرگانی کویلە، پیشەگەری سەرەتایی وهەروەها دریژەکیشانی شەری تیرەگەری وەك پیداویستییەك بو دەست بەسەراگرتنی سامان وداهاتەکان شیوازیکی ئابووری جیگیرکردبوو. هەبوونی باوەربوون بەچەند خوایی و چەند ئاینی وتیکەلاویك لەروشنبیری ئەفسانەیی و بەم جورەش ئەخلاقیات و سلوك وخاسیەتەکانی هەلسوکەوت و باری مەعنەوی "بەدەویەت" لەنیوەدورگەی عەرەبیدا خوی رەنگدانەوەیەکی ئاشکرای ئەم شیوازە ئابووری وبەرهەمدارییەی سەردەمی پیش ئیسلامە، کەدواتر بەهوی گویزانەوەی ریگای بازرگانییەوە بوناوەندی مەککە –کەبەگەشتی زستانەو هاوینە لەقورئاندا ناوبراوە–ریگای کردەوە تالەکەنارەوە سیتەمی ئالوگوری کالایی و لیك نزیك بوونەوەی تیرەکان و دەرکەوتنی شاری مەکە وەك ناوەنیکی گەورەی خواپەرستی بو ئاینەکان و سەرەنجام نیشتەجی کردنی ژمارەیەکی زوری دانیشتوان و جیابوونەوەی مەراتبی کومەلایەتی بەپیی لەدەستدابوونی سامان و دەرچون لەقالبی ووشکی "بەدەویەت" کە ریگایان خوشکرد بوسەرهەلدانی کومەلگەی ئاوەدانی" الحضري". بەپیویست کومەلگای جاهیلیەتیان بردەنیو حالەتیکی کاتی وئینتقالییەوە، بەجوریك کەپیویستی پیکهینانیئالوگور لەپەیوەندییە کومەلایەتییەکانی ئەوکاتدا ببوە دیاردەیەکی ناچاری بابەتی وبەم جورەش زەمینە مادی وکومەلایەتییەکانی سەرهەلدانی ئیسلامی محمدیان هینایەکایەوە. بەلام هاوکات لەچوارچیوەی ئەم هەلومەرجە ئابووری وسیاسیانەدا، "کومەلگای جاهیلیەت" وەك هەرقوناغیکی دیاریکراوی کومەلایەتی تر خاوەنی سیستەمیکی تایبەتی خویبووە لەپەیوەندی نیوان ژن و پیاو. وەلەویشدا لەپەیوەند بەدەسەلات و جیاوازی مەراتبە کومەلایەتییەکانەوە حالەتی ماف و کەسایەتی وئازادی فردی ژن وپیاوی دیاری کردووە. بەواتایەکی تر لە"کومەلگای جاهیلیدا"سیستەمیکی خیزانی و شیوازیکی تیکەلاو، لە پەیوەندی جنسی و ئاکار و هەلسوکەوت، توانیویەتی جوریك لە ئازادی شەخسی ژنان بکاتەحالەتیك لەماف بوژنان کەبەشیوەی داب ونەریتی رەچاوکراو لەلایەن هەموانەوە بەریوەبراوە وئەرستوکراسی مەکیش چاودیر بووە بەسەریدا. بوروشنکردنەوەی زیاتری ئەم حالەتە باشترە وایە لەخودی سیستەمە خیازانییەکان لەکومەلگای پیش ئیسلامدا بدویین.

## قەوارەی خیزانی و ژنان لەپەیوەندییە سیکسی یەکانی جاهیلیەتدا:

"خیزانی دایکایەتی" کەژن تیایدا بالادەست بووەو"خیزانی باوکایەتی" کەدەسەلات بەدەست پیاوەوە بووە، دووشیوەی گشتی بوون کەکومەلگای پیش ئیسلام لەدریژەیرەوتیکی میژوویدا وەك حالەتیکی بوماوە و دەردراوی نوی لەخویدا جیگیرکردبوو کە لەسایەیدا پەیوەندییە سیکسییەکان و چونیتی پیکهینانی خیزان و زەواج و تەلاق، مافەکانی ژن و پەیوەندی وەچە بەباوانەوە یلەخودا ریکخستووە وئەمەش وەك رەنگدانەوەیەك لە هەلومەرجی ئابووری وکومەلایەتی ئەوسەردەمەدا لەشیوەی داب ونەریتی باوداجیگیربووە. لیرەدا بو شیکردنەوەی لایەنەکانی ئەم باسە باشترە بەروردکارییەك لەنیوان ئەم دوشیوەیەدا بهینینەکایەوە: "خیزانی دایکایەتی" کە لەسەربناغەی زەواجی ژنان وداوای ژن لەمالیخویدا وبوبەستنی پەیوەندی لەگەل پیاودا بەستراوە، نمونەی بالادەستی دایکایەتییە. لەم شیوازەدا ئەهلیەتی دایك، ژنانە

کەبەئەهلیەتی " قوم" واتە خیلەوە بەندە، لەم زەواجدا پیاوان دەبی چەند روژ بەلای ژنەوە لەمالی ژنەکەدا بمینتیتەوە وچاوەرێی بریاری ژن بیت تارازی دەبی، وبەم شیوەیەزەواجی نیوانیان لەنیوخیلدا رەسمیەتی وەرگرتووە، لەحالەتی رەتکردنەوەدا، وەرگیرانی رووی دەرگای دەوار لەریرەوی گشتی دەوارەکانی خیل بەس بووە بو دەنگدانی پیاوەکە وئاگادارکردنەوەی خیل لە سەرنەگرتنی زەواجەکەدا، ( بەپیی گیرانەوەی یارانی محمد بخاری ریوایەتیکردووە کەدایکی محمد ئامینەی کچی وەهەب بەم شیوەیە زەواجی بە عبداللەی کوری عبدالمتەلیب کردووە) بەلام خیزانی باوکایەتی لەسەرزەواجیك دامەزراوە کە پیاوان راستەوخو بالادەستن وژنان جیگای هیچ جورە پرس وبریاریك نین، داواکردنی ژنان لەلایەن پیاوانەوە لەسەروکی خیل و باوك وبرا وسەرگەورە و- وەلی ئەمر- بەرازی بوونی هەردوولا زەواج رەسمییە، لەم حالەتەدا رەتکردنەوەی زەواجیش لەهەردووسەرەوە هەرلەلایەن خودی پیاوانەوەیەو ژنان دەوریان نییە تیایدا. لەشیوازی دایکایەتیدا نیزیکایەتی و هاوتیرەیی چوارچیوەیەکەبو زەواج و قبولکردنی. وەچە -منال- راستەخو ئنتمای ئەسنیکی بوگروپ وتیرەی دایك هەیە. باوکایەتی خوین وپەیوەندی خوینین بەباوانەوە لەم زەواجەدا نەپیوانەیەو نە جیگای گرنگی پیدانە، بەم پییەش نەسەب بەتیرەی دایکەوە دەناسریتەوە بەبی ئەوەیپیویست بی بزانریت باوك کییە. هەروەها لەم شیوازەدا، ژنان لەباری جنسییەوە ئازادن، چونکە خیزانی دووکەسی پیکهاتویەکی ئابووری راستەوخونییە، -خاوەندیتی مال بوژن دەگەریتەوە-، بەلکو خیل خویخیزانیکی گەورە ی تیکەلاوبوون و بەدەست هینانی دەرامەتی گشتییە، وەلەم پەیوەندەشدا، بەپیویست مارەسەی سیکس لەلای ژنان وەزیفەیەکی کومەلایەتی ناخریتە سەرشان، بەتایبەتی کە ژن لەلایەن تیرەو گروپە ئەسنیکییەکانەوە دەپاریزری. هەروەها لەم شیوازەدا جیابوونەوە بەدەست ژنانە و ژنان راستەوخو میراتگری مال و وەچەن. بەلام لە شیوازی باوکایەتیدا خیزانی پیاوانە خیزانی دووکەسییەو یەکەیەکی ئابووری یەو مال مالی پیاوە، سیکسی ژنان وەزیفەی کومەلایەتی لەدیاریکردنی وەچەدا بەباوانەوە کەوتوتە سەرشان تاکو لەم ریگایەوە مولکیەتی فرد بگویزریتەوە، هەروەها رابیتەی خوین مانایەکی گرنگی هەیە بو دیاریکردنی جیگای باوکایەتی لەنیوخیلدا، منال لەخیلی باوانەو بەباوکەوە دەناسری، بەم جورەش بو شەرعیەتدان بەمنال بەستنی پەیوەندی سیکسی ئازادانەی ژن دەکاتە کاریکیقەدەغە، زەواج وخیزانی دووکەسی تەنها بوواریکە بو مارەسەی سیکس ئەویش لەگەل میردی خودا، پیاولەم پەیوەندەدا ئەرکی پاراستنی ژنی لەسەرشانە، بریاری زەواج و تەلاق لەختیاری پیاودایە.

لایەنگرانی ئیسلامی سەرەتایی زورجار لەبەرانبەر ئەم لیکدانەوەیەدا ئەوەدەلین کە میژوو بوسەلماندنی ئەم راستییانە سەرچاوە و بەلگەی تەواوی بەدەستەوە نییە!!. بەداخەوە لیرەدا شوینی کردنەوەی باسیکی دریژی ئەم مەسەلەیەنییە، بەلام ئیسلام خویبەلگەو دەلالەتەکانی سەلماندنی ئەم راستییانەی لەخویدا ئاشکراکردووە و وەلە هەبوون وپەیوەندی نیوان ئەم دووسیستەمەدا ریوایەتی زوری داوە لەسەر ئازادییەکانی ژنان و هەلسوکەوتی سیکسی سەردەمی جاهیلی وئەمەش باشترین بەلگەو سەرچاوەیە. لەم بارەوە هینانەوەی چەند نمونە بەپیویست دەزانین:

بوخاری لەکتیبی الجامع الصحیح دا دەگیریتەوە:-" عروە کوری زوبیر لەزمانی ئایشەی هاوسەری محمەدەوە دەگیریتەوە کە بەستنی " نیکاح" لە جاهیلیەتدا چوارشیوەی بووە، یەکەمیان وەك ئەوەی کەلەمروداباوە، یانی پیاویك داخوازی لە پیاویکی تردەکات کەکچەکەی بداتی، دوای رازە بونی دەیگویزیتەوە. دووەمیان پیاویك بەژنەکەی دەلیت ئەگەر لەخوینریژی پاکبویتەوە بنیرە بولای فلانەکەس، و ژنیکی لی دەسنیشانکە، وازلی هینانی میرد لەم ژنە تاماوەیەك بوئەوەی سکپری لی دەرکەوی، وەئەگەر ژنە پیی خوش بوو، ئەوا نیکاح دەکری. سیهەم، نزیکەی دەکەسیك لەپەیوەندیدان لەگەل ژنانیك دا، دوای تیپەر بوونی چەند شەو بەدوای سکپری دا، هەرژنە لەنیوئەوپیاوانەدا، بەخاوەنی سکەکەی رادەگەیەنی کەئەوە منالی تویە ئەی پیاو، بەم جورەش پیاوەکە ناچارە نیکاحی ژنەکەببەستی. چوارەم، خەلکی کودەبتەوە و پیکەوە دەچنەلای ئەوژنانەی کە ریگرنین لەهاتنی هەرکەسەبولایان، پاشان ژنەکان، لەسەردەرگای ژورەکانیا لەهاتنی هەرکەسەدا نیشانیك

جیگیر دەكات تابزانی كیبولای هاتووە، پاش تەواوبوونی ماوەكەو دەركەوتنی حالەتی سكپری ژنە بەپیی نیشانەكانی لای‌خوی بە خاوەنی سكەكەی دەلیت ئەمەمنالی تویە و پیاوەش رازی دەبی دوای ئەمەش زەواج دیتەكایەوە. . بەلام كەمحمد هات هەموو نیكاحەكانی جاهیلیەتی هەلوەشاندەوە و تەنها نیكاح بەستنی لەشیوەی ئەمرودا هیشتەوە" لەم ووتەیەی بوخاریدا دەردەكەویت كە تیكەلاویك لە شیوازی زەواج و گرتنی پەیوەندی سیكسی لەنیوان ژن وپیاو لەپیش ئیسلامدا باوبووە كە لەبنەرەتەوە لەسەر نیزامی دایكایەنی و باوكایەتی سەنتەریان بەستووە. هەروەها ئەوەش دەردەكەویت كەسی شیوەی ئاخر لەم چوارشیوەیەی كەباسكراوە، باوكایەتی بەمانا بایولوژییەكەی گرنگی یەكی نەبوە هاوكات ژنان ئازاد بوون لەبەستنی پەیوەندی سیكسی لەگەل هەرپیاویكدا كەپیی خوشبوویت. هەروەها بوخاری لەهەمان سەرچاوەدا ئیشارە بەوەدەدات كە"ژنانی جاهیلی ئازادبوون لە بەستنی زەواجی كاتیدا"، ئەمەیان پی‌دەچیت ژنان لەكاتی گەشتی هاوینەو زستانەدا، بەهوی دابران لە میردەكانیانەوە پەنایان بوبردبیت. بناغەی زەواجی سیغەو جورەكانی لەئیسلامدا سەرچاوەكەی دەگەریتەوە بو زەواجی كاتی كە لە قوناغی پیش ئیسلامدا باوبووە، وپاشان محمد بەدەست كەوت وەری گرتووە و لەنیوموسلماناندا بەریوەی بردووە، كەدواتر لەنیوان شیعەو سوننەدا كیشەی لەسەر پەیدابووە. بەلام دەلالەتەكانی كومەلگای جاهیلیەت دەتوانری لە دەلالەتەكانی‌دەقە قورئانییەكان وووتەكانی محمد و یارانی‌دا بدوزریتەوە. لیرەدا بودەرخستنی ئەم راستیانە بەشیوەیەكی سەرپیی چەند خال ریز دەكەین و باسی دریژتری ئەم حالەتانە هەلدەگرین بو دواتر:

١- زەواجی ئیسلامی كەزەواجی پیاوانە بوپیكهینانی خیزان وزالكردنی بالادەستی پیاو دەلالەتە بوئەوەی لەجاهیلیەتدا خیزانی دایكایەتی بووە كەژن تیایدا بالادەست بووە. لەم بارەوە چەندین بەلگەی قورئانی‌و ووتەكانی محمد هەیە كەدواتر باسیاندەكەین.

٢- ژنان ئازاد بوون لە تیكەلاوبوون و جلپوشین و كاری بازرگانی‌دا. خەدیجەی هاوسەری محمد خوی ژنەبازرگان بووە ئەمەش دەلالەتەبوبوونی ژنان لەبواری بازرگانیدا. " لەمالدا دانیشن وخوتان مەرازیننەوە وەك ئەوژنانەی لەجاهیلیەتدا دەیانكرد. . -الاحزاب، ئایەتی ٣٣ - لەم سورەتەشدادەردەكەوی ژنانی جاهیلی ئازادبوون لە تیكەلاوبوون و خورازاندنەوەدا، حیجاب خوی دەلالەتی سنوردراكردنی ئەم ئازادییەیە.

٣- دانی هەقی داخوازی ومارەبرین وتەلاق بەپیاوان بەمانای بوونی ئەم هەقەیە بەلای ژنانەوە لەسەردەمی جاهیلیەتدا. لەم بارەوە دەیان ئایەت هەیە كە دواتر دەچینە سەریان.

٤- دانانی" العدە" دلالەتە بو ئەوەی كەلە جاهیلیەتدا پەیوەندی بایولوژی نیوان باوان ووەچە-منالانی دەرەوەی خیزان- گرنگییەكی كومەلایەتی نەبووە.

٥- دانی مافی فرەژنی بەپیاوانی موسولمان دەلالەتە بوئەوەی كەلەجاهیلیەتدا ژنان ئازادبوون لەبەستنی پەیوەندی فرەپیاویدا.

٦-"زینا" دەلالەتی ئەوەیە لەجاهیلیەتدا بەستنی پەیوەندی جنسی لەلایەن ژنانەوە لەدەرەوەی زەواج تاوان نەبووە.

٧- دانی مافی زیاتر بەپیاوان لەمەسەلەی میرات وشەهادەت دان وهەلگرتنەوەی وەچەدا، دەلالەتی ئەوەیە كە لەجاهیلی‌تدا ژنان مافی سەربەخوی خویان هەبووە بەتایبەت لەوناوەندانەدا كە خیزانی دایكایەتی رەواجی هەبووە.

٨- زەواجی متعە- زەواجی صیغە- دەلالەتی هەبوونی ئازادی بەستنی زەواجی كاتی و هەلوەشانەوەیەتی لەجاهیلیی‌تدا. . . .

٩- راگرتنی كەنیزەك بەلای پیاوانەوە دەلالەتە بوئەوەی كەلەجاهیلیەتدا، لەدەرەوەی زەواج ژنانی كویلە كالایەكی جنسی بوون كەئیسلام بەمیرات بوخوی بردووە. . .

لیرەدا ئەوە دەردەکەویت کەئیسلامی سەرەتایی بەدوای جیگیرکردنی سیستەمی باوکایەتیدا، سیستەمی دایکایەتی هەلوەشاندەوە وئەوسوننەتانەشی قەدەغەکرد کەپشتی بەئازادی جنسی و شەخسی ژنان بەستبوو. هاوکات بەشیکی تری ئەم شیوازنەی بردەوە ناوخوی وبەهویانەوە کەسایەتی ژنی پیکردەپاشکوی پیاوان. . بەم شیوەیە ئیسلام ناتوانی دابرانی تەوابیت لەکومەلگای پیش خوی. بەتایبەتی کە کومەلگای جاهیلی کومەلگایەك بووە لەحالەتی ئالوگور و خوگویزانەوەدا کەبەناچار بوماوەکانی خوی لەداهاتودا بەکاربراوە و ئیسلامیش بەسود وەرگرتن لە سونەتەکانی سەردەمی جاهیلیەت – هەلبەتە لەهەندی حالەتیدا لەشیوەی هەلگەراوەکەیدا– توانی نیزامی خوی دامەزرینی. بودەرخستنی ناوەروکی ئەم نیزامە و روانگەی بو ژنان باشترە لەدەروازەی دووەمی ئەم باسەبدەین.

## دةروازةى دووةم :

## **ژن و ئیسلام : کومەلگای پیاوان و کویلەیەتی ژنان:**

لەسەدەی حەوتەمی زاینیدا نیوەدوورگەی عەرەبی، کومەلگایەکی بیولوژی – تیرەگەری، پشت بەستوو بە باوەری ئەفسانەیی و چەند خوایی بوو، محمەد بەداهینانی بوچونی " کومەلگای ئیمانداران " و بەرپاکردنی شەری تیرەگەری کە ناوی "شەری نیوان ئیماداران و بی باوەران "ی لینا توانی کومەلگایەکی ئایدیولوژی – ئاینی تاك خوایی دامەزرینی. یەکیك لەئامرازەکانی محمد بودامەزراندنی ئەم کومەلگایە"بیروکەی خیزانی موسولمانە" کەبەهویەوە بناغەیەکی جیاوازی بویەکیتی هەردوو جنسی پیاو وژنی دارشت. محمد کەپیی وابوو چالاکی سیکسی لە کومەلگای جاهیلیدا بەوهویەوە کە میزانیکی نەبووە، بوتە کومەلگایەکی فەسادی سەرتاسەری ئەخلاقی و نەزان لەبەرانبەر "فیتنەی سیکسی ژنانە"دا، هەربویە بەهاتنی ئیسلام پەیوەندی نیوان ژن وپیاو بەگشتی وحالەتی سیکس بەتایبەتی، دەچیتە چوارچیوەی یاساو ریسایەکەوە کە قانونی ئیسلامی و شەریعەت ودەسەلات بەریوەی دەبات. دەسەلات وقانون وشەریعەتیك کە نوینەرەوەی دەسەلاتی تاك خوایە لەسەر ئەرز، بەم پییەش جنس وەك یەکیك لەغەریزە شروشتییەکانی ئینسان بەپیی شەریعەت و دین ریکخراو پەیوەندییەکانی نیوان ژن وپیاویش ناوەروکیکی نەگوری ئایدیولوژی – ئاینی کرابەبەردا، وبریاردارا کەئەمە ئیتر کاری خوایەو نابی سەرپیچی لیبکری. بەلام بەرلەوەی لە ئەلگوی " خیزانی ئیمانداران " بکولینەوە باشتروایە لەپیشدا کورتەیەك دەربارەی جەوهەری روانگەی ئیسلام بوژن بدوین.

## **ژن وسیکسیزمی ئیسلامی، ئینسانی سەرکوتکراو:**

لەباوەری ئیسلامدا لەزەتیغەریزی سیکس نیعمەتیکە کەخوابەئینسانی داوە، بویەدەبی بوئەو بگیردریتەوە و بەپی ویستی ئیلاهی لەنیوان ژن وپیاودا ریکبخریت و وەك ئەرکیکیئیمانداران بەریوەببریت، بەم جورە "شەهوە"یسیکسی سروشتیکی دولایەنەی ئاسمانی و ئەرزی هەیە. بەلام هەلویستیئیسلام لەسەر غەریزەجنسی یەکانی ژن و پیاو چوون یەك نییە، لەم بارەوە بوچونی ئیسلامی لە زمانی ئەبوحامد غزالییەوە، پەیوەندیکی دووجەمسوری کومەلایەتی –سروشتی یەولەم پەیوەندەشدا پیاو کە هەلگری فاکتوری ئەقل و هیز و یاساکانی کومەلایەتییە توانای بەریوەبردنی غەریزەکانی لەچوارچیوەی باوەرەکانی ئاین وری و رەسمی خوادا پیدراوە و ژنانیش وەك زەعیفە وکەم ئەقل کەهەلگری بارگەیەکی "شەهوانی"شیتانەی سروشتین، کەئەگەر چاودیری نەکری و بەپیی میزانیکی خوایی ئەم بارگە جنسییەیان ریك نەخری، ئەوا دەبیتە مایەی کەوتنەوەی "فیتنەیەکی گەورەی کومەلایەتی" و لەئاکامیشدا نیزامەکومەلایەتییەکەی محمەد دەخاتە بەرمەترسی هەلوەشانەوەوە، کەوایە ئەوەئەرکی پیاوانە کە چاودیر و لیپرسراوی ژنان بن تا وەك ئەرکیکی خوایی بەربە"فیتنەی ژنان "بگرن. بەم جورە سیکسیزمی ئیسلامی هیرشیك نییە بەتەنها بوسەر ناوەروکی چالاکییە جنسییەکانی ژن وئازادی لەزەت بردن لیی، بەلکو هیرشە بوسەر خودیژنان و سەر کوتکردنیان لەچوارچیوەی نیزامیکی سیاسی دا، بەتایبەتی کەئیسلام پیی وایە ژنان هەلگری بارگەی روخینەر و ئانارشی جنسین. داهینانی زەواجی ئیسلامی، زینا و

ناموس، شەرەف و شەریعەت. . هەموویان پیوانە ئەخلاقی و یاساییەکانی ئیسلامن بو سەرکوتی ژنان، تاکو لەم ریگایەوە سەلامەتی نیزامەکەی بپاریزی. بەلام کارکردە نەیگەتیڤەکانی ئەم باوەرە لە جیگەوریگەیەکدا دەردەکەویت کە ئیسلام بەخشیویەتی بەژنان.

## پلەوپایەی ژنان لەئیسلامدا:

پلەوپایەی کومەلایەتی ژن لەئیسلامدا، لەسەربناغەی دەسەلاتی پیاو و تیروانینی سیکسی بوژنان دادەمەزری. وەبوم پییەش ژن ئینسانیکی ژیردەستەی پیاوو پلەدووە لەکومەلدا، و هیچ مافیکی یەکسانی لەگەل پیاواندانییە چ لە هەلبژاردنی هاوسەر و جوری شیوەی ژیان و تەنانەت هەلبژاردنی کار و جل وبەرگداو چ لە بردنە پیشەوەی وەزایفە کومەلایەتییەکان و بەریوەبردنی کومەلگادا. ژنان لە سیستەمی ئیسلامدا پاشکوی پیاوانن و بوونەوەریکن بو جیبەجی کردنی فەرمانەکانی پیاو وەك ئەرکیکی خواپەرستی، هاتوچوو تیکەلاوبوون پیکەنین و عەشقکردن، تەنانەت لەبوارەکانی میرات و شەهادەت و مافی تەسەروف بەکەل وپەلی مال و منالەوە ماف چون یەکیان نییە لەگەل پیاواندا، لەمانەش زیاتر ئیسلام لەبەرانبەر ژنانی گورجی وکەنیزەکدا – ئەوژنانەی کە لەشەردا بەدەستکەوت دەگیرین– جیاوازی دەکات لەگەل ژنانی ئازاد دا تارادەی ئەوەی کە بەزور لەمیردەکانیا دەسەندریت و پیاوان بویان هەیە بەئارەزوی خویان لەگەلیاندا بنون و بوشیان نییە نەزەواج بکەن ونە ئەوامری خاوەنەکانیا پیشیل بکەن. لەریوایەتی دەقە قورئانییەکاندا ژن زورجار خوی دەبیتە عەورەت و گوناه کە لەبەرانبەر سزاو حوکمی زیناو ناموس و شەرەفی پیاواندایە، زورجاریش شەخسییەتی ژن لەگەل ئەسپ و سەگ و کەر وشەیتاندا بەراورد کراوە. ئەم جیگاوریگایەی ژنان لەئیسلامدا سەرەتا لە "زەواجی ئیسلامی" یەوە دەست پی دەکاو پاشان لە "خیزانی ئیمانداران"دا بوهەتاهەتایە پاریزگاری لی دەکری و دواتریش بەهوی شەریعەتەوە نەزمی کومەلگای پی ریکدەخریت و وەك فەرهەنگی کومەلایەتی و داب ونەریتی پیروز بەسەر کومەلگادا دادەسەپیندریت و ئەقلیەتی ئینسانەکانی پی لەقالب دەدریت. . لە"زەواجی ئیسلامی"دا ژنان هیچ جیگایەکی پرسورانین، ئەوان بەمنالی و بەدور لەحەزو ئارەزووی خویان لەلایەن براوباوك و وەلی ئەمرەوە دەدرین بەشو، تەلاقدانیشیان هەربەدەست پیاوە و ژنان تەنها ماف وەرگرتنی بریك مارەییان هەیە و هیچی تر کەئەویش پیاوان بویان دیاریکردوون، بەم جورە زەواج وتەلاقی ئیسلامی ژنان لەنیوان گورینەوەیەکی کالایدا دادەنی. تەنانەت "زەواجی ئیسلامی" ئەو مافەی داوە بەپیاوان لەیەك کاتدا چوارژن بهینی و چواریش تەلاق بدات، ئەمەجگەلەوەی کەدەتوانن بەئارەزووی خویان کەنیزەك بگرن و ژنان صیغەبکەن، چونکە هەموو ئەمانە رەزایەتی خوایان لەسەرە. بەم حالەتەوە ژنان لە"خیزانی ئیسلامی"دا لەپشتی پەردەوە رادەگیرن و دەکرینە کویلەی چواردیواری مال. "خیزانی ئیسلامی" جیگایەکە بو بەند کردنی ژنان بەکاری ناومال و پەروەردەی منال و تیرکردنی ئارەزوی سیکسی پیاوان، هەرجورە سەرپیچی کردنیکی ژنان لەمیردەکانیان لەنیوخیزاندا بەمانای سەرپیچی کردنە لە فەرمایشتەکانی خوا. . بەلام بوئەوەی راستی ئەم پلەو پایەیەی کەئیسلام داویەتی بەژنان دەرخەین باشترە، چاویك بگیرین بە ووتەکانی محمەد و دەقەقورئانییەکاندا:

## "پیغەمەمبەرایەتی"، بردنی بەشی گەورەی سیکسی ژنان:

ژیان و کردەوەکانی محمد لەبەرانبەر ژناندا خوی سەرچاوەیەکە بو دارشتنی سلوك و ئاکارو رەوشت و هەلسوکەوتی سیکسی و عاتفی دەربارەی ژن و خیزان لەئیسلامدا. محمد زیاتر لە١٢ ژنی هیناوە و لەگەل زوربەیاندا نووستووە، بەلام مامەلەی ئەو لەگەل عائیشەدا، سەرەنجام بوتە ئاکامی هەلویستیکی گشتیگر لەئیسلامدا هەبویە وتویوتی:" **خذوا جزءا من دینکم من هذه الحمیراء**". بەلام محمد بەچاوی " **الشؤم** " سەیری ژنی کردووە " **انما الشؤوم في الثلاثة، في الفرس والمرأة والدار**". وزورجاریش ئەوانی لەگەل کەرو سەگ و شیتاندا بەراورد کردووە " **اذا صلی الرجل قطع صلاته الكلب الاسود والمرأة والحمار**"، " **المرأة تقبل في صورة الشیطان وتدبر في صورة الشیطان** "، " **لایخلو رجل بامرأة الا**

**وكان ثالثهما الشيطان**"، وەلەزمانی غزالییەوە وتراوە " **اوثق السلاح ابليس النساء**". بەلام محمد نمونەی بردنی بەشی زوری سیکسی ژنان بووە لەچاو پیاوانیتردا و ئەمەش وەك ئیمتیازی پیغەمبەرایەتی خوا پیی بەخشیوە لەئایەتی ٥٠ -٥٢ و سورەتی ئەلئەحزابدائەم راستییە خوی نیشانداوە:"**ياايها النبي ان احللنا لك ازواجك اللاتي اتيت اجورهن وماملكت يمينك مما افاء الله عليك وبنات عمك وبنات عماتك وبنات خالاتك التي هاجرن معك وامرأة مؤمنةان وهبت نفسها للنبي ان اراد النبي ان يستنكحها. . تاکوتایئایەتەکان**". لەم ئایەتانەدا خوا ئەو ژنانەی" حەلال" کردووە بە"پیغەمبەر" کەتوانای مارەیی پیدانیانی هەیە، هەروەها ئەو ژنە کەنیزەکانەی کە بەدەستکەوت گیراون و وبەتالان براون، کچانی مام و خال وپور لەهەردووسەرەوە، کچانی ئیماندار کە کوچیان کرد لەگەل محمد، هەرژنیك کەخوی ببەخشی بەپیغەمبەر. . هەموو ئەمانە بەشی پیغەمبەرن بەتەنها و بوکەسی ترنا. وەهەمووئەمانەی کەباسکران هەرکات پیغەمبەر حەزبکات دەیان هینی و هەرکاتیکیش حەزنەکات دوایان دەخا ونایان هینی یالەگەلیانا نانویت وەیا بەئارەزوی خوی دەتوانی تەلاقیان بدات، ژنانیش دەبی رازی بن.

لەمانای ئەم ئایەتانەدا چەند راستی دەردەکەوی ١- پیغەمبەرایەتی بلاترین مەرتەبەی داخوازی ژنان و تەلاقدانیانە٢- پیاو دەسەلاتی زەواج و تەلاقدانی ژنانی بەپیی ئارەزوی جنسی هەیە ٣- پولداربوون ودارایی بوپیاوان ریگای کرین وفروشتنی ژنانی کەنیزەك و مارەکردنی هەرژنیکە کەبیانەویت ٤- تەبریریکە بوچەند ژنەیی٥- لەهەموو ئەمانەدا ژنان جیگای هیچ پرس ورایەك نین و هیچ مافیکی اختیار و تەلاقیان بەرەسمی ناناسری.

**ژنان کەرەسەی ئارەزووی پیاوان.**

**سەرپیچی کردن لەبریاری پیاو، شورشەلەدژی خوا:**

ژنان کەرەسەی ئارەزوی پیاوانەو خواماف بەپیاواندوە کەچون پییان خوشبی وا لەگەلیاندا بنوون و هەلسوکەت بکەن، بەم جورەش ژن مولکی پیاوە و ئارەزووەکانی ژن لەپەیوندییاندا لەگەل پیاواندا جیگای باس نییە، ئەوەتا لەقورئاندا، سورەتی البقرە ئایەتی ٢٢٣، هاتووە:" **نسائكم حرث لكم فأتوا حرثكم الى شئتم**. . تادوایی ئایەتەکە'' هەروەها لە ئایەتیکانی -٢٤ سورەتی **النساء وئايە تی٢٢٨ البقرة** – دا پیاو سەرگەورەی ژنانە و دەسەلاتی تەواوی بەسەر ژناندا پیدراوە : – **بيضاوی**- ییی وایە گەورەبوونی پیاو بەسەرژناندا ئاکامی ئەوەیە کەپیاوان هوش و بیرو هیزی لەش وتوانای ریك وپیکردنی ژیان و بەریوەبردنی مالیان لەلایەن خواوە پیسپردراوە کە ژنان ئەمایەن نییە، لەولاشەوە "ژنی موسولمان" ئەوژنانەن کە خواپەرستبی و ولەترسی خوا بەگویی پیاوان بکات و بەپیی پیویستی میرد هەستی و دانیشیت ولەپشتی ئەوەوە پاریزگاری لەلەشی خوی و مالی میردەکەی بکا ئەگەرنا ئەوا ماف پیاوانە کەلەژنانەکانیان بدەن و سزایان بەسەردا بەریوەبەرن هەروەك لەم سورەتەدا هاتووە: " **الرجال قواموا على النساء بما فضل الله بعضهم على بعض وبما انفقوا من اموالهم فالصالحات قانتات حافظات للغيب بما حفظ الله واللاتي تخافون نشوزهن فعظوهن واهجروهن في المظاجع واضربهن فان اطعنكم فلاتبغوا عليهن سبيلا ان الله كان عليا كبيرا. .** " ئەگەر ژنان گویرایەلی پیاوان نەکەن ئەوا یەکەمجار ئاموژگارییان بکەن ودووم جار لەگەلیان مەنون و سیهەم جار لییان بدەن. وەلە ئایەتی ١٤سورەتی **ال العمران** دا ژنان لەبەردلی پیاوان جوان وشیرین دروستکراون " **زين للناس حب الشهوات من النساء. .** " وەلەئایەتەکانی **٢٦ ال العمران، ٥٧-٥٨-٥٩ - ٧٢ النحل، ٢١الروم، ٣٩ النور، ١٦-١٧ الزخروف،** هەموویان تیایدا خوا مخاتەبەی پیاوانی کردووە کەژنی بوئەوان دروستکردووە و بەئاشکرا ش جیاوازی نیوان ژن وپیاوی تەئکید کردووە.

**حیجابی ئیسلامی، ژن خوی شەرمە!:**

دانانی ژنان لەپشتی پەردەوە وبەندکردنیان لەنیو چواردیواری مال دا ئاکامی ئەو تیروانیینە سیکسیستییەکەئیسلام هەیەتی بوژنان. ئەوەتا لەئایەتی ٣٣ سورەتی الاحزاب دا هاتووە " **وقرن في بيوتكن ولا تبرجن تبرج الجاهلية الاولى .** " واتە لەمال خوتان دابنیشن و خوتان وەك ژنانی جاهیلی مەرازیننەوە. وەلە ئایەتی ٥٢ ی هەمان سورەتدا دەلی " **واذا سألتموهن من وراء حجاب ذلك اطهر لقلوبكم وقلوبهن .** " واتە لەپشتی پەردەوە شت لەژنانی پیغەمبەر وەربگرن ئەمە پاکترە بودلی ئیوە و دلی ئەوان. وەلەپەیوەند هەربەم باسەوە ئایەتی ٣١ سورەتی النور دەلی:"**وقل للمؤمنات يغضضن من ابصارهم ويحفظن فروجهن ولا يبدين زينتهن الا ماظهر منا وليضربن بخمرهن على جيوبهن ولا يبدين زينتهن الا لبعولتهن او اباءاو. . . ولا يضربن بارجلهن ليعلم ما يخفين من زينتهن وتوبواالى. . تا كوتايى ئايە تە كە**" لیرەدا دەردەکەویت:١-ژنان دەبی چاویان لەبەردەم پیاواندا دانەوینن وتەماشای ئەوپیاوانە نەکەن کەنامەحرەمن بەپی‌ی ئەخلاقیاتی ئیسلامی. ٢- لەشی خویان داپوشن و بی پارینز لەداوین پیسی و خشل و جوانی خویان دەرنەخەن – تەنانەت لەبەردەم ژنانی ناموسولماندا-تەنها دەست ودەم وچاونەبی کەئەویش ناچارییە. ٣- نابی پی‌ی خویان بەتوندی بدەن بەزەویدا چونکە پاوانە دەلەریتەوە و سەرنجی پیاوان رادەکیشی. . هەمووئەمانەش بو خوداپوشین وحجاب کردنی ژنان و راگرتنیانە لەمالدا.

**زەواج و تەلاق، ژیرپی نانی کەسایەتی ژن لەئیسلامدا:**

ئیسلام ماف زەواج و تەلاقی بەتەواوی سپاردووە بەپیاوان و ژنان لەدیاریکردنی شیوەی ژیان و پەیوەندی دلخوازانەی خویاندا جیگای پرس ورانین. لەمەش زیاتر ماف فرەژنی لەزەواج وتەلاقدا ئەو دەسەلاتەی داوە بەپیاوان کە بەشی یەك بوچوار ی پیاویك لەپەیوەندی نیوان ژن وپیاودا بدری بەژنان هەروەك لە ئایەتەکانی پیشودا نیشانماندا کە پیاوان بویان هەیە لەیەك کاتدا چوارژن بهینن و چواریش تەلاق بدەن : "**وان خفتم الاتقسطوا في اليتامي فانكحو ماطاب لكم ومن النساء مثنى وثلاث ورباع.** . . ئایەتی ٣و٤ -**النساء**" واتە بەرانبەر بەو کچە بی باوکانەی کەلاتانن ئەگەر ترسان لەکاری هەلە ئەوا لەو ژنانەی کەدلخوازی خوتانە دوو دوو وە سی سی وچوارچوار بیان هینن. . ئەمە جگەلەوەی کە خودی سونەتی زەواج وتەلاق لەئیسلام دا بەچەندین کوت وشەرتەوە پەیوەست کراوە کە ژنان ناتوان وەك مافیکی مەدەنی خویان خیزان دروست کەن و هەلی وەشیننەوە. لەم بارەوە سورەتەکانی النساء، ئایەتی ٢٧ – ئەلقەسەس، ئەلئەحزاب – ئایەتەکانی ٣٦و ٣٧ و ٤٩. . هەموویان بەلگەی ئەوەن کە پرس بەژنان ناکری لەزەواج دا و ژنان رایان وەرناگیری. بەلام ئەوەی کە زور جیگای ئاشکرای ئەم پیشیل کارییە لەزەواجی ئیسلامی‌دا چارەنوسی ئەوژنانەیە کەبەدیل دەگیرین : "**والمحصنات من النساء الا ماملكت ايمانكم كتاب الله عليكم وا حل ماوراء ذلك ان تبتغوا باموالكم محصنين غير مسافحين فما استمتعتم به منهن فاتوهن اجورهن**" واتە، مارەکردنی ژنی میردار حەرامە، بەلام دەتوانن ئەوژنە میردارانەی کەلەشەردا بەدەستکەوت گرتوتانن مارەیان بکەن تەنانەت ئەگەر میردەگانیشیان لەژیاندا مابی. وە لەلای شافعی مارەبرین و زەواجی ئیسلامی دیسانەوە هیچ بریاریك ناداتەدەست ژنان خویان. ئەوەتا دەلیت: "**ايما امرأة نكحت بغيراذن وليها فنكاحها باطل**" واتە هەرژنیك بەبی خاوەنەکەی میرد بکات و خوی مارەیی ببریت، ئەوا کارەکەی بەتال وپوچە. وەلەهەمان سەرچاوەدا شافعی ووتویەتی" **لانكاح الا بولي، والسلطان ولي من لا ولي له**" لەم ووتەیەشدا بەشودانی ژنان وکچان بەبی پرسی خویان بەشوبدرین. تەنانەت ئەم ووتەیە ری دەکاتەوە بو ئەوەی باوك وبرا، کچان لەمندالیدا ولەسەربیشکە مارەببرکەن. وەلەبارەی تەلاقیشەوە ئایەتەکانی ٢٢٩ و ٢٣٠ " **الطلاق مرتان فامساك بمعروف اوتسريح باحسان ولا يحل.** . . تاکوتایی ئایەتەکان" باس لەوە دەکات کە ماف تەلاق وگەرانەوەی ژنان بەتەوای لەدەست پیاودایە هیندە نەبی وەختیك پیاو بریاری تەلاقی دا بری مارەیی خوی بدات ئیتر بەسە. وەلە سورەتی البقرە-ئایەتی ٢٣١و ٢٣٢دا هاتووە:" **واذا طلقتم النسأ فيلغن اجلهن فامسكوهن بمعروف او سرحون بمعروف ولا تمسكوهن ضرارا**

**واذا طلقتم النسأفبلغهن اجلهن. . .** " واته ئه‌گه‌ر ژنانتان به‌ریگای رجعی ته‌لاق دا دوای ماوه‌ی چاوه‌روانی بیانگیرنه‌وه لای‌خوتان. ئازاریان بده‌ن و ماوه‌ی چاوه‌روانیان دریژبکه‌نه‌وه. له‌م پروسه‌یه‌دا ده‌رده‌که‌ویت که ته‌لاق خوی جوریکه له‌سزادانی ژنان وله‌هه‌مانکاتدا هینانه‌گوری کوت وبه‌نده که هه‌مووی به‌ده‌ست پیاوانه‌وه‌یه. ماوه‌ی خوینریژی ژنان "**العدة**" سیسته‌می کوت وبه‌ند دانانه بو بریاردانی ته‌لاق وراگرتنی ژنان له حاله‌تیکی نادیاری وسه‌خت ونه‌زانراودا که‌ژیانی چی لیدیت وله‌م حاله‌ته‌شدا هه‌موو ئیختیاریك به‌ده‌ست پیاوانه. پیاوان ده‌توانن سویندی ته‌لاق بخون وهه‌رئه‌وانیش په‌شیمان ببنه‌وه له‌کاتیکدا ژن ناتوانی سویندی‌ته‌لاق بخوات وناشتوانی په‌شیمان بوونه‌وه بریاربدات.

## میرات و شه‌هاده‌ت، نمونه‌ی نا یارتایدی ئاشکرای مافه له‌ئیسلامدا :

له‌میراتدا نیر واته پیاو دووئه‌وه‌نده‌ی زورتری ده‌که‌وی تا می واته‌ژنان. ئیسلام له‌م جیاوازی کردنه‌دا ناتوانی هیچ ته‌بریریکی ببی جگه‌له‌وه‌ی که ده‌سه‌لاتی ئابووری پیاو به‌سه‌ر ژنانه‌وه راگری: " **یوصیکم الله في اولادکم للذکر مثل حظ الانثیین. . وان کانوا اخوة رجالا ونساء فللذکر مثل حظ الانثیین. . النساء**" واته میراتگر ئه‌گه‌ر خوشکوبرابوون ئه‌وا بو نیر به‌ئه‌ندازه‌ی دووبه‌شی میبه. وه‌له شایه‌تی‌کردن و وه‌رگرتنی هه‌قی خویندا ژنان به‌که‌متر له‌چاوپیاواندی ته‌ماشاده‌کری وه‌له رووداني کوشتندا هه‌قی خوینی ژن نیوه‌ی هه‌قی خوینی پیاوانه ئایه‌تی ٢٨٢- البقره به‌ئاشکرا ئه‌مه ده‌سه‌لمینی:"**واستشهدوا شهیدین من رجالکم فان لم یکونا رجلین فرجل وامرأتان. . .** ".

## "ژنانی که‌نیزه‌ك" زه‌خیره‌ی سیکسی پیپاوان !:

تالانکاری یه‌کیکه له‌سیفه‌ته‌کانی ئیسلامی محمدی، هه‌رکه‌سیك خوی به‌ئوپوزسیون له‌به‌رانه‌رئیسلامدا بناسینی، ئه‌وا نه‌ك هه‌رمه‌گ چاوه‌روانییه‌تی، به‌لکو ژن ومنالیشی به‌تالان ده‌بری، سه‌رهه‌لدانی ژنانی که‌نیزه‌ك و گورجی به‌رهه‌می ئه‌م سیفه‌ته‌ی ئیسلامی سه‌ره‌تاییه. به‌لام "ژنه‌گورجی" کییه؟ ئه‌وژنانه‌ی که‌له‌شه‌ردا به‌دیلی ده‌گیرین و ده‌بنه تالانی، وپاشان وه‌ك که‌نیزه‌ك و خزموتگوزاری مال وته‌نانه‌ت وه‌ك کویله‌ش کرین وفروشتنی پیوه‌ده‌کری و ئیسلام ئه‌مه‌ی حه‌لال کردووه. جگه‌له‌مه ژنانی که‌نیزه‌ك نه‌ده‌توان شوبکه‌ن و وه‌نه ئازادن له‌بریاری ده‌رچوونی خاوه‌نه‌کانیان ته‌نانه‌ت نوستنی پیاوانی موسولمان له‌گه‌لیان مه‌رجی ناویت و کراوه‌یه، ئه‌م ژنانه ده‌به‌خشرین و ده‌ستاوده‌ستیان پیده‌کریت هه‌میشه‌ش وه‌ك زه‌خیره‌ی جنسی ئاماده‌ن بوپیاوان. ته‌نانه‌ت ئه‌گه‌ر ئه‌م ژنانه ئیسلامیش بن ئه‌وا جیاوازی ته‌واویان له‌گه‌ل ئه‌وژنانه‌دا هه‌یه که ئاکامی تالان بری نین. محمد بوخوی که‌نیزه‌کی زوری بووه و زوریشی پی به‌خشراوه و ئه‌ویش به‌پیی ده‌قه قورئانییه‌کان له‌مالدا ره‌فتاری له‌گه‌ل کردوون. له‌سوره‌تی ئه‌لئه‌حزاب ئایه‌تی ٢٦و ٢٧ داهاتووه:"**وانزل الذین ظاهروهم من اهل الکتاب من صیاصیهم وقذف في قلقبهم الرعب فریقا تقتلون وتاسرون فریقا واورثکم ارضهم ودیارهم واموالهم وارضالم تطؤها.** " له‌م ئایه‌ته‌دا تالان بری و ده‌ست به‌سه‌راگرتنی سه‌رو مال وزه‌وی ئه‌وانه‌ی ده‌گیرین له‌شه‌ردا حه‌لالکراوه. وه‌له سوره‌تی النساو ئایه‌تی ٢٥ دا هاتووه "**ومن لم یستطیع منکم طولا ان ینکح المحصنات المؤمنات فمما ملکت ایمانکم من فتیاتکم. . .** " واته ئه‌گه‌ر که‌سیك له‌ئیوه نه‌ی توانی ماره‌یی ژنیکی موسولمانی ئازاد بدات با له‌ژنه که‌نیزه‌که‌کان بهینی که‌موسولمان بوون وه‌یا به‌دیلی و به‌تالان براون. ژنانی که‌نیزه‌ك به‌پرسی خاوه‌نه‌کانیان ماره‌بکه‌ن، ئه‌وانیش له‌سه‌ریانه داوین پاك بن و به‌نه‌هینی دوست نه‌گرن، ئه‌گه‌ر کاریکی ناپاك له‌م ژنانه ده‌رکه‌وت ئه‌وا سزای نیوه‌ی سزای ژنانی ئازادیان له‌به‌رانبه‌ردا بگرنه‌به‌ر، هینانی ژنانی که‌نیزه‌کیش بوئه‌وکه‌سانه‌یه که ترسی هه‌یه له‌وه‌ی ده‌ست به‌ری بوکاری گوناه واته توانای خوراگری سیکسی نییه. له‌م قسانه‌دا به‌روشنی ده‌رده‌که‌وی که ئیسلامی محمد ئاپارتایدی ته‌واوه له‌نیوان ژنان خوشیاندا، ئه‌وه‌تا به‌ئاشکرا نه‌ك هه‌ربه‌چاویکی ئینسانی یه‌وه له‌ژنانی که‌نیزه‌ك ناروانی به‌لکو دوای به‌تالان بردنیان ماره‌ییان نادری وه‌یاکه‌مه له‌چاوژنی ئازاد دا هه‌روه‌ها هیچ جوره حسابیکی

بوناكری له شوكردن و گورینەوه و بەخشیندا وەتەنانەت وەك زەخیرەیەك دانراوەن تاوەلامی سیكسی ئەوپیاوانه بدەنەوه كه خوراگر نین وەیا توانای دانی مارەیی ژنانی ئازادیان نییه. .

لەكوتایی هەموو ئەم باسانەدا دەردەكەویت كه ئیسلامی محمد نەك هیچ مافیكی بەژنان نەداوه بەلكو بەقازانجی دەسەلاتی پیاو نیزامیكی كومەلایەتی وای هیناوەتەكایەوه كەژنان تیایدا ئینسانی دەرەجەد وو ژیردەستەی پیاوانه. . ئەمەیه ئەو جیگاوریگایەی كه ئیسلامی سەرەتایی لەسەردەستی محمد كوری عبدالله دا هیناویەتەكایەوه.

★ ★ ★

## بەرئەنجام:

چەند خال لەم باسەدا دەكری وەك ئەنجامگیری تەئكیدی لەسەربكری :

یەكەم: ناوەروكی ئیسلام لەبنەرەتەوه لەسەر نایەكسانی دامەزراوه. تیروانینی سیكسیستی و نیرایەتی بناغەی باوەری پیاوسالاری و دەسەلاتی پیاوانەیە لەنیزامیكدا كه ئیسلام بەریوەی دەبات و داسەپاندنی ئەمەش بەسەر كومەلگا و ئینساندا وەك كاریكی خوایی و دەست لێنەدراوسەیردەكری. لەم پیوەندەشدا شەریعەت و بەریوەبەرانی شەریعەت وئاین كه لەپیاون پیكهاتوون نمونەی دەسەلاتدارانی پیاوانی خوایه لەسەرزەوی كه ئەم نایەكسانی و ژیردەستەبوونەی ژنان بوراگرتنی پایەكانی كومەلگا دەسەلاتیان دراوەتی.

دووەم: لەهەمانكاتدا ئیسلام روانگەی ناموس پەرستی و ئەخلاقیاتی سیكسی وپاشكەوتوویی ژنانی كردوته كەرەسه معنوی وفەرهەنگییەكانی خوی لەنیوكومەلگادا و لەهەولدایه ئەمانەش وەك تایبەتمەندییەكی فەرهەنگی وكومەلایەتی بەسەر ئینسانەكاندا داسەپینی. . قانونی ئیسلامی وشەریعەت وسزا بەتەواوی لەدژی ژنانەنه، بەتایبەتی كه لەئیسلامدا بیمافییەكانی ژنان، لیدان وتوندوتیژی، ئەتككردن و بەردەبارانكردنی ژنان، حیجاب و دانانیژنان لەنیوچواردیواری مالدا. . هەمووئەمانه رەسمییەتیان هەیه وتەواوی مافه شەخسی و مەدەنییەكانی ژنانیش لەكومەلگادا لغوكراوەتەوه. بەم جورەش داواكاری بو ئازادی ژنان و یەكسانی لەكومەلدا به بدعەیەكی روژئاوایی و بیگانه لەقەلەم دەدری و بەئاگرو ئاسن و ئیعدام وتیرور له ئیسلامدا وەلام وەردەگریتەوه.

سێهەم: داواكردنی ئەوەی ئیسلامی محمدهەلگری یەكسانییەو بەلام مفسران وكاربەدەستانی ئیسلامی دوای ئەو لیگدانەوەی هەلەیان لەسەری بەدەستەوەداوه، بوچونیكه دووره لەراستییەوه. جەوهەری ئیسلام وەك هەر باوەریكی ئاینی پیشخوی باوەریكی پیاوسالارانەوبتریاركییه، زەرورەتی سەرهەلدانیان لەبنەرەتەوه دەگەریتەوه بو پیداویستی ئیلغای نیزامی دایكایەتی و ئەوكومەلگایانەی كه هیشتا ژن بالادەستیان لەپەیوەندییه كومەلایەتییەكاندا پاراستووه. نیزامی پیاوانەی ئیسلامی لەبنەرەتەئابووریەكانەوه سەرچاوەدەگری و زورتر لەپیناو سەرهەلدان وجیگیركردنی مولكیەتی تایەتی و ئیلغاكردنەوەی مولگداریتی مەشاعی ئەوكومەلگایانەبووه كه باری بەرهەمداری تیایاندا سروشتی ولاوازبووه. هاوكات لەم بارەوه نوسنەوەی قورئان وتەفسیركردنی لەروانگەی ژنانەوه ناتوانی یەكسانی بهینیتەكایەوه چونكه بناغەكانی ئابووری هویان نابەرابەر ماونەتەوه.

چوارەم : "جاهیلیەت" پیناسیكی ئەخلاقییه لەكومەلگای پیش ئیسلام. ئیسلام بەتەواوی دەسته ئەژنویه لەبەرانبەر دەركیكی كومەلایەتی لەسەردەمی پیش خوی، لەم بارەشەوه ئیسلام شورشیك بەمانای رزگاربوون له چونایەتییەكی سلبی یەوه بو چونایەتییەكی ئیجابی لەروانگەی مافەكانی ژنانەوه نەبووه، هەروەها ئیسلام دابرانی تەواونییه لەگەل كومەلگای پیشخوی، بەلكو ئیسلام بەتەوای ماكەكانی خوی لەرابردوودایه ووەك ئالوگوریكی سیاسی و كومەلایەتیش، تەنها ئیلغای ئەومەسافه ئەخلاقی و سیكسی و مەعنەویانەی سەردەمی پیش خویەتی كه لەگەل ئابووری تازەو مەوقعیەتی دەسەلاتی

تیرەگەری و نیزامیكدا كە لەدریژەی شەری تیرەگەریدا، كەبە" فتوحاتی ئیسلامی" ناودەبری هاتوتەكایەوە. نمونەی هاتنی ئیسلامی خومەینی ئەم راستییە لەمیژووی هاوچەرخدا دەسەلمینی. خومەینی كە كومەلگای پیشخوی بە فسادی ئەخلاقی سەردەمی جاهیلیەت ناولیناو بەم پییەش بانگەوازی بو شورشیكی ئیسلامی دا، دواتر ئەوەی سەلماند كە لەچاو نیزامی پاشایەتیدا نەك هیچ گورانكاری یەكی بەقازانجی ژنان و خواستەكانیا ن نەهینایەكایەوە، بەلكو هەرلەسەرەتاوە نیوەی كومەلگای لەپشتی پەردەوە و لەژیر حیجابدا زنجیركرد و هەردەستكەوتیكیش كەژنان هەیان بوو لیان سەندرایەوە. شەلاق كردنی ژنان، حیجاب، خەتەنەكرن، سەنگەساركردنی ژنان لیدان وئەتككردن تارادەی ئەوەی كە رینەدری تیكەلاوبن، كردنەوەی نوسینگەكانی صیغەكردنی ژنان. . . هەمووئەمانە دەستكەوتەكانی ژنان بوون كە لەشورشی ئیسلامی ئیرانەوە كرانەبەشی ژنان و ئەمەشیان بەناوی شەرلەدژی كوفارو نەزان ئاراستەكرد.

پینجەم: مەسەلەی ژنان و بزوتنەوەكەیان لەوولاتانی ئیسلام زادا، راستەوخوی بزوتنەوە و مەسەلەیەكی دژی ئیسلامییە، ئیسلام كەچ وەك جیهانبینی و چ وەك سیاسەت ودەسەلات چ وەك قانون و فەرهەنگی بالادەست ئاراستەیە بو سەركوتی ژنان و نایەكسانی و جیگیركردنی بی مافی ژنان لەكومەلگادا. ئیسلام فمینیزم هەولدانی لیك نزیك كردنەوەی مەسەلەكانی ژنانە لەگەل ئیسلام و نیزامە سیاسییەكەی، ئەمەش خوشخەیالی و ئەفسانەیەكە، بەتایبەتی كەماهیەتی ئیسلام ئەمەلەخویدا ناگونجینی. هەرجورە تیكەلاوكردنیكی مەسەلەی ژنان وبزوتنەوەكەیان، بەئیسلام و بوچون و قانونەكانییەوە بەمانای لەدەستدانی سەربەخوی خەباتی ژنان و دەستەموكردنی بزوتنەوەی رادیكال و نارازی ژنانی لەبەردەم كونەپەرستان و دەسەلاتدارانی ئەمرودا، بەمانای كولكردنی خەباتی ژنانە لەپیناو یەكسانی و ئازادی ئینسانەكان. چارەنوسی بزوتنەوەی ژنان وداخوازییەكانیان لەكومەلگای هاوچەرخی ئەمرودا بەتوندی بە خەباتی ئەو بەرەیەی كومەلگاوە گریی خواردووە كەبەبی هیچ سازان و نیوبەندی كردنیك لەپیناو دابینكردنی كومەلگایەكی مودیرن وسكولاری نامازهەبی و نا قومی لەمەیدان دایە و راستەو خو شیعاری یەكسانی هەمەلایەنەی ژنانی لەگەل پیاواندا لەتەواوی بوارەكانی ژیانی كومەلایەتیدا بەرز راگرتووە.

---

١–لەكوردستانیش بەكارهینانی زاراوەی " ئیسلامی سیاسی " و"ئیسلامی ئسولی"– بو جیاكردنەوەی لە"ئیسلامی خەلكی"، ئیسلامیك كەبەدەست ئەحزابی ئیسلامی یەوەیە– لە" ئیسلامی سەرەتایی " نمونەی هەولدانیكە بو دەستگرتن بەبالی ئیسلام فمینیزمەوە لە بزوتنەوەی ژناندا كەبەردەوام بەشیك لە ئەحزابی سیاسی لەكوردستاندا، پەیرەوی لیدەكەن. ئارادەی ئەوەی كە لەنیو كیشمەكیش و رووبە رووبونەوەی بزوتنەوەی ژنان و ریكخراوەكانیاندا بەدژی رەوتە ئیسلامیەكان، هەرسالەداواكاری ئەوە دیتەكایەوە كە ژنان دەبی احترامی ئیسلام و شەریعەتی ئیسلامی وەك بەشیك لە"مقدەساتی میللی" بگرن و نابی لەبەرانبەریدا بوەستنەوە، بەم جورە مەسەلەی ژنان لە بازنەی بەرانبەركیی‌خەبات بو گەرانەوەی حەیسیەتی ئینسانی ژنان و بەدەستهینانی خواستە مەدەنی و شخسیەكانیان لەبەرانبەر ئیسلام شەریعەتەكەیدا دەردینن و دەیكەنە مەسەلەیەك لەبەرانبەر چەند ئەحزابیكی ئیسلامی دا كە ئیسلام لەپەیوەند بەسیاسەتەوە مامەلە پیدەكەن. . .

٢– بیگومان بەشداری لەدیالوگی "دانانی دەقەكانی قورئان لەپەیوەنیكی نیوان نیر– می دا "قسەوباسی زورتر هەلدەگری– تەبریری یەكەم–. بەتایبەتی كاتیك كە فاتمە میرنسی و لایەنگرانی ئەو لەكتیبی الحریم السیاسی دا ئاماژەبەوەدەكات كە محمد خوی لەدژی توندوتیژی ژنان بووە بەلام ئەوە عوری كوری خەتاب و كەسانی وەك ئەو بوون مانای دەقەكانی قورئانیان سەبارەت بەماف لیدان لەژنانیان كوریوە كەدواتر تەبەری و موفەسیرانی تر بەقازانجی پیاوان ئەم كیشەیەیان براندوتەوە. . . ئیمە بودورنەكەوتنەوەمان لە باسی ئیستامان لەم ئاستەدا دەست هەلدەگرین و لیدوانی زورتر لەم بارەوە هەلدەگرین بو فرسەتیكی تر.

٣–"دەستەواژەی جاهیلیەت"ئەگەر ١٢٠٠ لەمەوبەر بو محمدیك كە لەژیانی بەدەویەتدا مەنتقیكی هەبی كەگوایە كومەلگای پیش خوی نەزانی وفەسادی ئەخلاقی تەواوە، ئەوا بو كەسانیكی وەك سید قوتب و عباس محمد عقاد هیچ تەبریریكی نییە ئەم بیریارانەی ئیسلامی كە دەیانەویت نمونەی ئیسلامی سەرەتایی ١٢٠٠ سال لەمەو بەرە وەك ریگاچارە بەسەرخەلكیدا داسەپینن جاریكی تریش سود لەهەمان دەستەواژەی " جاهیلیەت " وەرگرنەوە ناچارن باس لەوەبكەن كەكومەلگای ئەمرو كومەلگای نەزانی و فەسادی ئەخلاقی تەواوە، ئەمە لەكاتیكدایە دنیای زانست و ئەقل و بیر وتەكنولوژیا تائەوپەری خوی پیشكەوتنی نواندووە، هاوكات كومەلگای هاوچورخ فەسادی تەواوی ئەخلاقیاتی ئیسلامی ونەزانینی

ئەم سیستەمەی وەك پەلەیەكی رەش بەخویەوە دەرك كردووە، كوشتارگایەك كەلە جەزائیر و پاكستان و ئەفغانستان ئیران، تاكوردستان لەسەردەستی ئیسلامدا بەری كەوتووە، هەروەها كارنامەیەك كە ئەم بزوتنەوەیەو ئەحزاب و دەسەلاتەكانی لەهەر ولاتەدا لەخویان نیشان داوە، جگە لەپاشماوەكانی نەزانی ودواكەوتوویی و سەركوتی رەش هیچ شتیكی ترنییە. . .

سەرچاوەكان:

بوئەم باسە سود لەم سەرچاوانەوەرگیراوە. ماركس، كاری كریگرتەوە سەرمایە، نامە هەلبژاردراوەكانی ماركس وئەنجلس. نەسر حامد ابوزەید مفهوم النص. طیب تیزینی بەشی چوارەم لە پروژەی تیروانینی نوی بو بیری عەرەبی. . مقدمات اولیە فی فكر الاسلام المحمدی الباكر. ابو حامد الغزالی، ژیانەوەی زانستەكانی قورئان. سید قطب، معالم علی الطریق. فاتمە میرنسی، الحریم السیاسی. عبد الخالق معروف ئادەمیزاد لەكومەلگای كوردەواری دا. چەند ژمارەی یەكسانی بلاوكراوەی ریكخراوی سەربەخوی ئافرەتان. . . هتد